دکتورسا لح ئیبراهیمی



# سوورەی ئەنعام: ئاژەڵ ١٦٥ ئایەتە

**سوورەی ئاژەڵ لە مەککە هاتووەتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١٦٥ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

گشت پەسن و سپاس بۆ خوایە کە ئاسمانگەل و گۆی زەوی بەدی هێنا و تاریکگەل و ڕووناکی لەنێو ئەوا دانا، ئەوسا ئەوانە وا بەحاشا بوون، بۆ پەروەرێنەری خۆیان هاوبەش و هاوسەنگ دائەنێن ﴿١﴾ هەر خوایە کە ئێوەی لە گڵ (و مادەیەکی بێ‌گیان) دروست کرد و بەدی‌هێناوە، لە دواییدا کاتێکی نادیاری بۆ مردن داناوە و کاتی دیاری‌کراو لای خۆیەتی، ئەوسا ئێوە هێمان هەر شک دەکەن ﴿٢﴾ هەر (الله) شیاوی پەرستنە لە ئاسمانگەل و زەویدا خوا (لە کردەوە)ی نهێنی و ئاشکرای ئێوە ئاگادارە، و دەزانێ ئەوەی وا بە دەستی دێنن ﴿٣﴾ هیچ نیشانە و ئایەتێک لە ئایەتەکانی خوایان بۆ نەهات، مەگەر ئەوە کە ڕوویان لێ وەرگێڕا، حاشای لێ دەکەن ﴿٤﴾ جا بە یەقین چون هەقیان بۆ هات، بە درۆیان خستەوە، جا لە پاشان بە زوویی هەواڵی ئەوەی گاڵتەیان پێ‌دەکرد پێیان دەگا و تۆڵەی ئەوەی کە (هەقیان بە درۆ ئەزانی) لێ ئەکرێتەوە ﴿٥﴾ ئایا نەیاندی و نەیانزانی چەندمان لە گەلانی بەرو لەناو برد، ئەوەندەی هێزمان بەوان دابوو، هەرگیز بە ئێوەمان نەداوە و (بە چاکەی خۆمان) بارانی پەیتا پەیتامان بەسەرا باراندن و چۆمەئاوی بەخوڕمان بە بن دار و باغەکانیاندا تێپەڕاند، لە پاشان لە سوێنگەی گوناح کردن لە ناومان بردن، دوای ئەوان بەرەیەکی ترمان لە جیاتی ئەوان دانا و دامەزراند ﴿٦﴾ ئەگەر نووسراوەیەکمان لەسەر بەرگێ بۆ تۆ نازڵ بکردبایە کە ئەویان بە دەس بیانفلیقاندبا، دیسان خوانەناسان هەر دەیانوت: ئەمە بێجگە لە جادوویێکی ئاشکرا شتێ‌تر نییە ﴿٧﴾ (کافران) وتیان: دەی بۆچ فرشتەیەک لەگەڵ (محەمەد) نازڵ نەبوو (دیارە) ئەگەر فرشتەمان بناردبا کاری (تاقی کردنەوە) تەواو دەبوو، ئیتر مۆڵەت (ی زیندو بوون) بەوان نەدەدرا ﴿٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەگەر ڕاسپاردەمان فریشتەش با، ئەبوو بە وێنەی مرۆڤ بوایە، لەو بچوایێ هەروەکوو خۆیان لە خۆیان بچن، یانی دەبوو جلکی مرۆی لە بەربکەم ﴿٩﴾ بەڕاستی پێغەمبەرانێ کە بەر لە تۆ بوون کەوتبوونە بەر گاڵتە، بەڵام سەرئەنجام ئەوەی گەپ و گاڵتەیان پێ دەکرد، خۆیانی گرتەوە (و غەزەبی خوایان بۆ نازڵ بوو) ﴿١٠﴾ بڵێ: بە زەویدا گەشتێ بکەن و بگەڕێن، لە پاشان بڕواننە سەرئەنجامی ئەوانەی کە نیشانە و ئایاتی خوایان بە درۆ دائەنا، چلۆن بوو بە کوێ گەییوە ﴿١١﴾ بڵێ (بپرسە): ئەوەی لە ئاسمانگەل و زەویدایە هی کێیە؟ خۆت بڵێ: هی خوایە، ڕەحمەت و بەخشینی لەسەر خۆی واجب کردووە، بەڕاستی لە ڕۆژی قیامەتدا کە هیچ شکێ لە هەبوونی ئەودا نییە، هەمووتان کۆ دەکاتەوە (تا لەگەڵ چاکان چاکە بکا و خراپەش لەگەڵ خراپاندا بکا، ئەوانە) کەسانێکن کە خۆیان تووشی زیان کردووە، جا بڕواش ناهێنن ﴿١٢﴾ هەر بۆ ئەویشە ئەوەی وا لە شەوگار و ڕۆژدا هەدا دەدا و دائەسەکنێ، هەر ئەویشە زۆر فرە بیسەر و زانا ﴿١٣﴾ بڵێ: ئایا لە خوا (بەدەر) کەسێ‌تر بگرم بە دۆست و پشتیوان، (کە خوا بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوییە و هەرئەویشە ڕۆزی بە زیندەوەران ئەدا و ڕۆزی نادرێتێ، بڵێ: من ڕاسپاردراوم کە یەکەمین خۆبەدەسەوەدەر (موسڵمان) بم، (هەروا خوا) فەرمانی داوە لە هاوبەش پەیاکەران مەبن ﴿١٤﴾ بڵێ: بەڕاستی من ئەگەر نافەرمانی خوای خۆم بکەم، لە عەزابی ڕۆژی گەورە (ی قیامەت) ئەترسم ﴿١٥﴾ هەرکەسێ لەو ڕۆژەدا عەزابی لێ‌لادرێ، دیارە (بە یەقین خوا) بەزەیی پێیدا هاتووە، ئەوەیش خۆی ڕزگارییەکی دیار و ئاشکرایە ﴿١٦﴾ ئەگەر خوا بە تۆ زیانێک بگەیێنێ، هیچکەس بێجگە لەو ناتوانێ ئەوە لە تۆ دوور بخاتەوە و چارەی بکا، ئەگەر خێرێکیش بە تۆ بگەیێنێ، هەر ئەوە بەسەر هەموو شتدا بەتوانا و بەوزەیە ﴿١٧﴾ هەر ئەویشە بەسەر بەندەکانیدا دەس ڕۆیشتووە، و هەر ئەویشە لەکارزان و بە ناخی هەموو شتدا زۆر بەئاگایە ﴿١٨﴾

دکتورسا لح ئیبراهیمی



بێژە: چ شتێک گەورەترین شایەدە (لەسەر پێغەمبەریی من)، بڵێ: خوا لە نێوان من و ئێوەدا شایەدە و ئەو قورئانە بۆ من (هاتووە و هێما کراوە تا ئێوە و هەموو کەسانێک کە دەنگی ئەم قورئانەیان پێدەگا، بە هەڕەشە وشیاری بکەمەوە، ئەیجا چلۆن ئێوە شایەدی ئەدەن کە لەگەڵ خوا مەعبوودانێ‌تر هەن؟ بڵێ: من (هەرگیز) شایەدییەکی وا نادەم، خوا بەتەنیا و یەکتایە، بە هەقیقەت من لەوەی وا ئەیکەنە هاوبەش بۆ خوا بەریم و بێزارم ﴿١٩﴾ کەسانێ کە کتێبمان پێداون، ئەو (پێغەمبەر) ئەناسن، هەروەکوو چلۆن کوڕانی خۆیان دەناسن، هەمان کەسانێ کە خۆیان تووشی زیان کردووە، جا ئەوانە بڕوا ناهێنن ﴿٢٠﴾ وەکێ لەو کەسە ستەمکارترە کە درۆ بە (بەزمان) خواوە هەڵدەبەستێ یا نیشانەکانی ئەو بە درۆ ئەخاتەوە، بەڕاستی ستەمکاران حاشاکاران لە پێغەمبەرایەتی) ڕزگار نابن ﴿٢١﴾ ڕۆژێک کە هەموویان زیندوو (و کۆ) دەکەینەوە، ئەوسا بەوانەی هاوبەشیان بۆ خوا دانیابوو ئەڵێین: لە کوێن ئەوانەی کە بە گومان لاتان وا بوو هاوبەشی خوان؟ ﴿٢٢﴾ جا (لەمەولا) عوزر و بیانووی ئەوان بێجگە لەمە شتێ‌تر نییە کە بڵێن: سوێند بە خوا کە پەروەرێنەرمانە، ئێمە هاوبەشمان بۆ خوا دانەناوە ﴿٢٣﴾ بڕوانە کە چلۆن درۆ لە سەر خۆشیان دەکەن! ئەو شتانەیش بە درۆ بە هاوبەشی خوایان دادەنا لە کیسیان چوو ﴿٢٤﴾ هەندێ لەوان کەسانێکن کاتێ (تۆ قورئان دەخوێنی) گوێت بۆ ڕادەگرن، لە حاڵێکدا پەردەمان داوە بەسەر دڵ و دەروونیاندا تا تێنەگەن و گوێی ئەوانمان کەڕ کردووە (ئاخنیوە)، ئەگەر تەواوی نیشانەکانی هەق ببینن، بڕوای پێ ناهێنن، تەنانەت کاتێکیش دێنە لات، دەکەونە شەڕەقسە کردن لەگەڵ تۆدا، ئەوانەی وا کافرن، ئەڵێن: ئەمە بێجگە لە چیرۆکی پێشینان شتێ‌تر نییە ﴿٢٥﴾ ئەوانە خەڵکی‌تر لەو (قورئان) دەگێڕنەوە و خۆیشیان دووری لێ دەکەن، ئەوانە بێجگە لە خۆیان (شتێ‌تر) لەناو نابەن، بەڵام تێناگەن و نازانن ﴿٢٦﴾ ئەگەر لەو کاتەدا وا لە بەرانبەر ئاگر ڕاگیراون بیانبینی کە ئەڵێن: خۆزگە (جارێ‌تر) بگەڕابایینەوە (بۆ دنیا) و نیشانەکانی پەروەرێنەرمان بە درۆ نەدەخستەوە و لە بڕواداران ئەبووین ﴿٢٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



(نا لە ڕاستیدا ئەوانە پەشیمان نین) ڕاستیش ناکەن، بەڵکوو ئەوەی لە بەرا لە دڵدا حەشاریان دەدا و ئەیانشاردەوە (ئێستا ڕاستییان) بۆ دەرکەوتووە، ئەگەر دوای مردنیش بگەڕێندرێنەوە (دنیا) ئەچنەوە سەر هەر ئەوەی وا پێیان وترابوو مەیکەن و نەهی لێکرابوو، بەڕاستی ئەوانە لە درۆزنانن ﴿٢٨﴾ وتیان: بێجگە لە ژیانێ، دنیا، ژیانێ‌تر نییە، ئێمە زندوو نابینەوە ﴿٢٩﴾ وە ئەگەر ئەوانە لەوکاتەی وا لە پێشگای (دادگای دادی) پەروەرێنەریانەوە ڕاوەستێنراون بڕوانی و بیانبینی کە (خوا) دەڵێ: ئایا ئەمە هەق نیە؟ ئەڵێن: بەڵێ سوێند بە پەروەرێنەرمان (هەقە)، ئەڵێ: جا عەزاب بچێژن لە بەرانبەر ئەوەی وا ئینکارتان ئەکرد ﴿٣٠﴾ بەڕاستی ئەوانەی وا دیداری پەروەرێنەریان بە درۆ ئەزانی زیانیان دیوە (و ئەم ئینکار کردنە بەردەوامە) تا کاتێ لەناکاو ڕۆژی پەسڵان و قیامەت دەگا، ئەڵێن: پەکووا! ئەی ئاخ و داخ لەو بابەتەوە سستیمان کرد، ئەوان (باری قورسی) تاوانیان ئەخەنە سەرپشت، ئای چ بارێکی بەدفەڕ هەڵدەگرن ﴿٣١﴾ ژیانی دنیا شتێ بێجگە لە گەمە و گەپجار نییە، بە هەقیقەت خانووی ئاخیرەت بۆ ئەوانەی کە پارێزگاری ئەکەن باشترە، ئایا بیر ناکەنەوە بۆ دەبێ تێنەگەن؟ ﴿٣٢﴾ بە هەقیقەت ئێمە ئەزانین ئەوەی کە (خوانەناسان و کافران) بە تۆ دەڵێن: (شاعیرە یا شێتە و تۆ خەفەتبار ئەکا، جا بەڕاستی ئەوان بە درۆت ناخەنەوە، بەڵکوو ستەمکاران ناحەقکارانێکن نیشانە و ئایاتی خوا ئینکار و حاشا ئەکەن ﴿٣٣﴾ بە هەقیقەت پێغەمبەرانێک بەر لە تۆ بە درۆ خرانەوە و لە بەرانبەر بە درۆ خستنەوەی ئەواندا تابشتیان هێنا و (لەو ڕێگایەدا) ئازاریان دی تا کاتێ کە یارمەتی ئێمەیان پێ‌گەیی، (تۆیش وا بە) و هیچ شتێک ناتوانێ پەیمان و سۆز و ڕەوشتی خوا بگۆڕێ، بە هەقیقەت هەندێک لە هەواڵی پێغەمبەران بە تۆ گەیشتووە ﴿٣٤﴾ ئەگەر ملبادانی ئەوان و ئەوەی بە دەنگتەوە نەهاتوون بۆ تۆ گران بوو، جا ئەگەر بتوانی زاغەیەک لە زەویدا بکۆڵە، یا پەیژە و نێردیوانێک بۆ ئاسمان دانێ (و ناو دڵ و دەروونی ئاسمان و زەوی بگەڕێ) تا ئایەتێک (و نیشانەیەکی‌تر) بۆ ئەوان بێنی، (بەڵام ئەو کافرانە بڕوات پێ‌ناهێنن)، ئەگەر خوا بیەوێ (بەزۆر) لەسەر ڕێنوێنی کۆیان دەکاتەوە، (بەڵام ڕێنوێنی بە زۆر چ کەڵکێکی هەیە؟) جا هەرگیز لە ڕیزی نەزانان مەبە ﴿٣٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بەڕاستی تەنیا ئەوانەی (بە گوێی دڵ) دەبیسن، وەڵام ئەدەنەوە (و قەبووڵ دەکەن)، خوا مردووەکان زیندوو ئەکاتەوە، لە پاشان (بۆ جەزا دان) هەموو بۆ لای ئەو دەگەڕێندرێنەوە ﴿۳۶﴾ وتیان: بۆچ نیشانەی کشکێری (و موعجیزە)یەک لە لایەن پەروەرێنەریەوە بۆی بەرێ نەکراوە، بلێ: خوا توانایە کە نیشانەیەک بنێرێ، بەڵام ئەوانە نازانن ﴿۳۷﴾ هیچ زیندەوەر و جووڵەندە و جفۆکێک لە زەویدا کە تەفگەریەتی نییە و هیچ باڵندەیەک نییە کە بە دوو باڵ بفرێ، مەگەر ئەوەی کە ئەوانیش کۆمەڵ و دەسەگەلێکن وەکوو ئێوە، ئێمە لە نێو ئەم قورئانەدا قسەمان لە هەموو چتێ کردووە جا لە دواییدا هەموو بەرەو لای پەروەرێنەریان کۆ دەکرێنەوە و حەشر دەکرێن ﴿۳۸﴾ ئەوانەی نیشانەکانی ئێمەیان ئینکار کرد و بە درۆیان خستەوە، کەڕ و لاڵ لە تاریکیدان، هەرکەس خوا بیەوێ لە ڕێگا لای ئەدا، هەرکەسیش بیەوێ (وشیاو بێ) ئەیخاتە سەر ڕێگای ڕاست ﴿۳۹﴾ بلێ: ئایا هیچ بیرتان کردۆتەوە کە ئەگەر بەڵا و عەزابی پەروەرندە بتانگاتێ یا ڕۆژی پەسڵان دابێ، ئایا بێجگە لە خوا زاتیتر هەیە تا هاواری بۆ بەرن؟ ئەگەر ڕاست ئەڵێن دەی هاواری بۆ ببەن ﴿۴۰﴾ (نەخێر) بەڵکوو تەنیا هاوار بۆ خوا ئەبەن و ئەو ئەگەر بیەوێ کەند و کۆسپێک کە لەبەر ئەو هاوارتان بۆ خوا بردووە لای‌ئەبا، ئەوەی (وا ئەمڕۆ) ئەیکەنە هاوبەش (بۆ خوا لەو ڕۆژەدا) لە بیری دەبەنەوە ﴿۴۱﴾ ئێمە بۆ کۆمەڵ و نەتەوەگەلێ کە بەر لە تۆ بوون (پێغەمبەرانێکمان نارد، کاتێ بە دژی ئەوان وەستان) ئەوانمان بە سەختی تووشی ڕەنج و دەرد و مەینەت کرد، بەڵکوو (بێدار بنەوە و لە ڕاست هەقدا) بلاڵێنەوە و خۆ بدەن بە دەسەوە ﴿۴۲﴾ دەیسا بۆچ ئەوانە کاتێ سزا و ئازاری ئێمەیان پێ‌گەیی (کزیان نەکرد و) خۆیان نەدا بە دەسەوە، بەڵام دڵ و دەروونی ئەوانە سەخت ڕەش هەڵگەڕابوو، ئەوەی کردوویانە شەیتان بۆی ڕازاندوونەتەوە کە هەر لەسەر حاشا کردنمان ﴿۴۳﴾ جا کاتێ کە ئەو پەند و ئامۆژگاریانەی کە کرابوون و ئەوەی خرابووە بیر و مێشکیان لە بیریان چوو، هەموو دەروازەی بەختەوەری (لە نیعمەتەکان)مان بۆ ئاواڵە کردنەوە تا (بە تەواوی) خۆشحاڵ بوون (و دڵیان بەوانە بەست)، لە ناکاو ئەوانمان گرت (و سەخت سزامان دان)، لەم کاتەدا هەموو بێ‌هیوا ببوون ﴿۴۴﴾

دکتورسالح ئیبراهیمی



جا (بەم جۆرە) ڕەگ و ریشەی ئەو هۆزە کە ستەمیان (لە خۆیان) کرد، بڕا و لەناو چوون، سپاس تایبەتی خوایە کە پەروەرێنەری جیهانیانە ﴿٤٥﴾ بڵێ: بە بیر و باوەڕی ئێوە ئەگەر خوا هەستی گوێ و سۆمای چاوی بیستن و دیتنی ئێوە بستێنی و مۆر لە دڵ و دەروونتان بدا، چ کەسێ بێجگە لە خوا ئەتوانێ ئەوانە (دووبارە) بە ئێوە بداتەوە؟ بڕوانە کە چلۆن ئێمە نیشانەکانی خۆمان بە وێنەی جۆربەجۆر (جارجارە بە هەڕەشە و جارجارەش بە موژدەدان) ئەنوێنین (و ئەیخەینە بەرچاو)، لە پاشان ئەوان (لە تەماشا کردن بە چاوی دڵ) هەرخۆی لێ دەبۆیرن و ڕوو وەردەگێڕن! ﴿٤٦﴾ بڵێ: ئایا بیرتان کردۆتەوە کە ئەگەر بەڵا و عەزابی خوا لەپڕێک لەناکاو بە نهێنی یا بە تەرزێکی بە ئاشکرا بە ئێوە بگا، ئایا بێجگە لەوانەی غەدریان کردووە و بێجگە لە هۆزی ستەمکار تیائەچن و قڕ دەکەن؟ ﴿٤٧﴾ ئێمە پێغەمبەران نانێرین مەگەر بۆ ئەوەی مزگێنیدەر و ترسێنەر (وشیاردەر) بن (بۆ خەڵک)، جا کەسێ کە بڕوا بێنێ و چاکە بکا، نە ترسیان لەسەرە و نە خەفەتیش ئەخۆن ﴿٤٨﴾ کەسانێ کە نیشانە و ئایاتی ئێمەیان بە درۆ خستۆتەوە، لەبەر ئەو فیسق و نافەرمانی کردنە تووشی بەڵا و عەزابی خوا ئەبن ﴿٤٩﴾ بڵێ: من بە ئێوە ناڵێم کە گەنجی خواوم لایە و بە نادیاریش نازانم، بە ئێوەش ناڵێم من فریشتەم، (و) بێجگە لەوەی بۆ من دێ و هێما کراوە پەیڕەوی ناکەم، بڵێ: ئایا نابینا و بینا وەک یەکن (بەرابەرن)؟ جا بۆچ بیر ناکەنەوە؟ ﴿٥٠﴾ بەوە (قورئان) ئەوانەی وا نیگەرانن کە لە قاپی و بارەگای خوادا کۆ بکرێنەوە، بیانترسێنە (و ئاگاداریان بکە تا تێبگەن)، بێجگە لە خوا هیچ پشتیوان و تکاکارێکیان بۆ نییە تا بەڵکوو خۆپارێز بن و پەروایان هەبێ ﴿٥١﴾ ئەوانە کە لە بەرەبەیانان و ئێوارانا هاواری پەروەرێنەری خۆیان دەکەن و بە دڵۆداو خوا و ڕەزای ئەویان دەوێ، لە خۆت دووریان مەخەوە و مەیانتۆرێنە، نە شتێکی ئەوان لەسەر تۆ دەنووسن و نە شتێکی تۆ لەسەر ئەوان دەنووسن، جا لەم سۆنگەوە ئەگەر ئەوان لە خۆت دوور بخەیتەوە غەدرێکە لە خۆتی دەکەی و لە ستەمکاران دێیتە ئەژمار ﴿٥٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بەم جورە هەندێ کەسمان لەوان بە هەندێتر تاقی کردەوە (داراکان بە نەدارەکان)، تا بڵێن: ئایا ئەمان کە خوا لە نێو ئێمەدا هەڵیبژاردون و منەتی لەسەر داناون؟ (نیعمەتی ئیمانی پێداون)، ئاخۆ خوا شوکرانەبژێران باشتر لە هەمووان ناناسی؟ ﴿٥٣﴾ هەرکاتێ ئەوانەی وا بڕوایان بە نیشانەکانی ئێمە هێناوە، بێنە لای تۆ پێیان بڵێ: سەلامتان لەسەر بێ، پەروەرێنەرتان بەزەیی و بەخشینی ئێوەی لەسەر خۆی واجب کردووە کە ئەگەر یەکێک لە ئێوە بە نەزانی کاری ناشیاو بکا و لە پاشان پەشیمان بێتەوە و تۆبە بکا و خۆی چاک بکا، جا بەڕاستی خوا لە تاوانی دەبووری و دڵاوێنە ﴿٥٤﴾ ئێمە ئاوەها نیشانەکانی خۆمانیان تەواو بۆ شی دەکەینەوە تا ڕێبازی تاوانباران بە ئاشکرا ڕوون ببێتەوە ﴿٥٥﴾ بڵێ: من لە پەرستینی ئەو شتانەی کە ئێوە لەباتی خوا ئەیپەرستن ڕێم پێنەدراوە و نەهیم لێ کراوە، بڵێ: من لە هەوا و ئارەزوو و هەوەسی ئێوە پەیڕەوی ناکەم، چونکە کاتێ وا بکەم، لاڕێ ئەبم و لە ڕێنوێنی کراوان نابم ﴿٥٦﴾ بڵێ: بەڕاستی من بەڵگەیەکی ڕوونم لە پەروەرندەمەوە هەیە و ئێوە ئەوەتان بە درۆ داناوە، ئەوەی کە ئێوە پەلە و تاڵووکەی بۆ دەکەن بە دەس من نییە، حوکم و فەرمان تایبەتی خوایە، هەق بەیان دەکا و هەر ئەوە باشترین جیاکەرەوەی (هەق لە ناحەقە) ﴿٥٧﴾ بڵێ: ئەگەر ئەوەی ئێوە لەز و تاڵووکەی بۆ دەکەن بە دەس من بوایە، کاری من و ئێوە یەکلا دەبۆوە، خوا سەبارەت بە ستەمکاران زاناتر و ئاگاترە ﴿٥٨﴾ گشت کلیلی (گەنجینەکانی) نادیار و بەرپێوار و داپۆشراو لای خوایە، هیچ کەس بێجگە لەو (خوا) بەوانە نازانێ، ئەوەی وا لە بەژ و زەریادایە، ئەیزانێ و هیچ گەڵایەگ ناوەرێ مەگەر خوا پێی ئاگایە، هەردەنکەیەک لە تاریکی بن دەروونی زەویدایە و هەر تەڕ و ویشکێ هەن، گشتی لە نێو کتاوێکی ئاشکرا و بەیانکراودایە ﴿٥٩﴾

خـوا هەر خـۆیەتی کە لە شـەودا (لە کـاتی خەو) دەتـانمرێنێ، بەوەی وا لە ڕۆژدا کردووتـانە ئاگادارە، ئەوسا کە ڕۆژ بۆوەوە (لە خەو) هەڵتاندەستێنێ (ئەم بارودۆخە هەروا درێژەی دەبـێ) تا کاتی دیاریکراوی خۆی تەواو بکرێ، لە پاشان گەڕانەوەتان بۆ لای ئەوە، لە پاشـان بەوەی وا کردووتانە ئاگادارتان دەکاتەوە ﴿٦٠﴾ هەر ئەوە بەدەسەڵات و زاڵ بەسەر عەبد و بەندەکانیدا و پاسەوان و چاوەدێرانتـان لەسـەر دائەنـێ، تـا کـاتێ مەرگـی یەکـێ لە ئێـوە ئەگـا، فریشـتەی گیانکێشان و پێمێردی خوا (گیانی) دەستێنێ، ئەوانە (نێردراوانی خوا لە نووسـینی کـردەوەی بەندەکاندا) درێغ و کۆتایی ناکەن ﴿٦١﴾ ئەوسا (هەموو بەندەکان) بـۆ لای خـوا کە سـەرووەری بەرحەقـی ئەوانە دەگەڕێنـدرێنەوە. ئاگـادار بـن! داوەری کـردن تـایبەتی ئەوە و هەر ئەویشـە بەپەلەترینی حیسابگەران و بە حیسابی هەموو ڕادەگا ﴿٦٢﴾ بڵێ: چ کەسێ ئێوە لە تاریکایی بەژ و زەریا ڕزگار دەکا؟ هاوار لە خوا دەکەن بە ئاشکرا و بە نهێنـی (دەڵـێن:) کە ئەگەر ئـێمە لەم مەترسییە ڕزگار بکەی لە شوکرانەبژێران دەبین ﴿٦٣﴾ بڵێ: خوا ئێوە لەوە و لە هەر غەم و خەفەتێک ڕزگار دەکا، (کەچی) لە دواییشدا هاوبەش بۆ خـوا دائەنـێن ﴿٦٤﴾ بڵـێ: هەر خـوا بەتوانایە کە بەڵا و عـەزابتان بۆ بنێـرێ لە ژوور سـەرتانەوە یـا لە بـن پێتانـدا یـا ئەوە جلکـی جیـاوازیخوازیتـان پـێ لە بەر بکـا و تێکتـان بەربـدا و تـام و مەزەی جەنـگ و قرەقـڕ لەگەڵ یەکترتان پێ بچێژێ، بڕوانە کە چلۆن نیشانەکانی خۆمان بە وێنەی جۆراوجۆر بەیان دەکەین تا بەڵکوو تێبگەن (و لە خراپە بگەڕێنەوە) ﴿٦٥﴾ هۆزی تۆ ئەوە (قورئانیان بە درۆ خسـتەوە، لە حاڵێکدا کە ئەوە هەقە، (بەوان) بڵێ: من بەرپرسی ئێـوە نـیم ﴿٦٦﴾ زووبەزوو دەزانـن کە هەر باس و نووچەیەک جێگەی خۆی هەیە ﴿٦٧﴾ هەرکاتێ کەسانێکت دی کە لەبابەت نیشانەکانی ئێمە خراپ دەدوێن و گاڵتەی پـێ دەکەن، ڕوویـان لـێ وەربگێـڕە تـا قسـەکە بگۆڕن، ئەگەر وا ڕوویدا شەیتان لە بیرت بباتەوە، جا هەردەمێ کە هـاتەوە بیـرت لەگەڵ (ئەم) دەسـتە و هـۆزە ناحەق و ستەمکارە دامەنیشە ﴿٦٨﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



هیچ شتێ لە تاوان و ئۆباڵی ئەوان ناخرێتە ئەستۆی ئەوانەی خۆ دەپارێزن، و لە خوا ئەترسن بەڵام ئەبێ ئامۆژگاری (بۆ نالەبارەکان) بکەن تا بەڵکوو خۆ بپارێزن و تەقوا بکەنە خووی خۆیان ﴿٦٩﴾ کەسانێ کە دینی (فیتری) خۆیان بە گاڵتە و گەپ گرتووە و ژیانی دنیا تەواو لە خشتەی بردون و بادیهەوای کردوون وازیان لێبێنە و تەرکیان بکە، بە قورئان بخەوە بیریان کە هەرکەسێ بکەوێتە زیندانی بێدەرەتانی کار و کردەوەی خۆی، بێجگە لە خوا یار و یاوەر و تکاکارێکیان بۆ نییە، کە دەهانایان بێ، هەرچی ماڵی دنیایش هەیبێ و لەقەرەبوو و بارمتەی تاوانی خۆی بیدا، لەو قەبووڵ ناکرێ، ئەوانە کەسانێکن کە بە سزای کردەوەیان گرفتار کراون، بۆیان خواردنەوەی ئاوێکی کوڵیو و سووتێنەر و عەزابی دەرداوی هەیە، لەبەر ئەوەی خوانەناسییان دەکرد ﴿٧٠﴾ بڵێ: ئایا بێجگە لە خوا هاوار بۆ شتێ بەرین کە نە کەڵکی بۆمان هەیە و نە زیانمان پێدەگەینێ، (بەمجورە) بەرەو دوا بگەڕێینەوە، دوای ئەوەی ڕێی نیشان داین، هەروەکوو کەسێ کە شەیتانەکان ئەویان لە زەویدا لاڕێ و سەرلێشێواو کردبێ، لە حاڵێکدا یارانێکی هەیە بۆ ڕێنوێنی بانگی دەکەن کە بۆ لای ئێمە وەرە، بڵێ: تەنیا ڕێگای ڕاستینە هەر ڕێگای ڕوو بە خوایە و فەرمانمان پێدراوە خۆ بە پەروەرێنەری جیهانیان بسپێرین ﴿٧١﴾ دەستووریشی داوە نوێژ بەجێبێنن و خۆتان لە (نافەرمانی) ئەو بپارێزن، هەر ئەوە کە لای ئەو کۆ دەکرێنەوە ﴿٧٢﴾ هەر ئەوە کە ئاسمانەکان و زەوی بە هەق بەدیهێناوە و ڕۆژێک بەوان بڵێ: ببن، دەبن، قسەی ئەو هەقە و لاری لێی نییە و موڵک و دەسەڵات تایبەتی ئەوە، لەو ڕۆژە کە فوو بە کەڵەشاخ و زوڕنا (صور)دا دەکرێ، زانای نهێنی و ئاشکرایە، هەر ئەوە لەکارزان و زانا بە ناخی کار ﴿٧٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



بیر لەو سەردەمەیش بکەوە کە ئیبراهیم (بلەی ئور، ئاور) بە ئـازەری بـاوکی خـۆی وت: ئـاخۆ بـت دەپەرسـتی و دەیـکەتە خـوا، مـن تـۆ و گەلەکەیشـت دەبیـنـم کە لە ڕێگالاتـان داوە و لە گومڕاییەکی ئاشکرادان (ئازەر باوک یا ئاپی ئیبراهیم وەزیری نمروودی کـوردە، ئیبـراهیم بـن ئازەر (تاروخ) بن ناحور بن ساروغ بن ڕاغو بن فالیغ بن عامیر بن شالخ بن ئەفخشذ بن سام بن نووحە، زۆربەی تەفسیر نووسانی قورئان عامیر بە کورد دەزانن و هەروا ئەوکەسەی ئیبراهیمی بە مەنجەنیـق فـڕێداوەتە نێـو ئـاگر بە کـوردی دەزانـن و ئەو شـوێنەیش بە کـۆیێ نـاو دەبەن (بڕواننە قیسەسی ئەنبیای ئیبنی کەسیر و بیروڕای تەفسیر نووسانی قورئان بە زمانی کـوردی بە قەڵەمـی «شـەپۆل») ﴿٧٤﴾ ئاوەهـا دامودەزگـا و مەلەکـووتی ئاسـمانەکان و زەویمـان بە ئیبراهیم نیشان دا (تا بزانێ) سەر بە کێیە و لە جەرگەی یەقینـداران بـێ ﴿٧٥﴾ جا کـاتێ کە تاریکی شەو داهات (و دنیا تاریـک بـوو)، ئەسـتێرەیەکی دی، وتـی: ئەمە خـوای مـنە، بەڵام کاتێ ئەو ئەستێرە ئاوابوو، وتی: من ئاوابووانم خۆشناوێ ﴿٧٦﴾ کاتێ دیتـی مانـگ هەڵات و سینگی ئاسۆی دادڕاند، وتی: ئەمە خوای منە، بەڵام کاتێ کە (ئەویش) بزر (و ئاوا) بوو، وتی: بەڕاستی ئەگەر پەروەرێنەرم ڕێگام نیشان نەدا، دیارە لە تاقمی لاڕێیان دەبـم ﴿٧٧﴾ جا کـاتێ کە دیتی وا (تەبەق: گـۆی ڕۆژ لە دەم کەل سـەردەکەوێ و ڕۆژ سـینگی ئاسـوی دادڕانـد، وتـی: ئەمە خوای منە؟ ئەمە (کە لە هەموان) گەورەترە، جا کاتێ کە ئاوا (و بزر) بـوو، وتـی: ئەی هۆزی من! بە هەقیقەت مـن لەوەی ئێـوە ئەیـکەنە هـاوبەش بـۆ (خـوا) بێـزار و دوورم ﴿٧٨﴾ بەڕاستی من بە دڵپاکی ڕووم کردە زاتی کەسێ کە ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوە و لەوانەش نیم کە هاوبەشـی بـۆ دائەنـێن ﴿٧٩﴾ هـۆزی وی (ئیبـراهیم) لەگەڵ ئەودا کەوتـنە دەمەقـڕە و محـاجێن، (ئیبـراهیم) وتـی: چلـۆن لەبـابەت خـواوە قڕەقـڕ لەگەڵ منـدا ئەکەن، کەچـی بە هەقیقەت خوا منی (بە بەڵگەی ڕوون) ڕێنوێنی کردووە و لەوەی ئێوە ئەیکەنە هاوبەش بۆ خوا ناترسم (و زیانێ لەوەوە بە من ناگا)، مەگەر ئەوەی کە پەروەرێـنـەرم شـتێکی بـوێ، ئاگـاداری پەروەرێنەرم ئەوەندە پەرەدارە کە هەموو شتێک ئەگـرێتەوە، جا ئـاخۆ ئێـوە ڕانـامێنن و بیـر ناکەنەوە ﴿٨٠﴾ چلۆن لەوەی وا ئێوە کردووتانەتە هاوبەش بۆ خوا بترسم؟ کەچـی خۆتـان لەوە ناترسن کە هاوبەشێکتان بۆ خوا داناوە کە هیچ بەڵگەیەکتان لەو بارەوە بۆ نەهاتووە جا ئەگەر ئێوە لە زانـین هـیچ بەشـتان هەبـا دەتـانزانی لە مـن و لە ئێـوە کـام لامـان زیـاتر شـیاوی نەترسانە ﴿٨١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



(بەڵێ) ئەوانەی وا بڕوایان هێنا و ئیمانی خۆیان ئاوێتەی ناحەقی نەکرد، ئەمنیەت بۆ ئەوانە، وە هەر ئەوانیشن ڕێنوێنی کراون ﴿٨٢﴾ ئەمە بەڵگەی ئێمە بوو کە بە ئیبراهیممان دابوو بۆ سەر هۆزەکەی، پلەوپایەی هەرکەس کە بمانەوێ (و شیاویش بێ) ئەبەینە سەرێ، بەڕاستی پەروەرندەت لەکارزان و پڕ زانا و ئاگایە﴿٨٣﴾ ئیسحاق و یەعقووبمان بەو (ئیبراهیم) بەخشی و ڕێگای ڕاستمان بە هەموویان نیشان دا، لەبەرا نووحیشمان بۆ لای خۆمان ڕینوێنی کردبوو، لە زارۆکانی ئەو (ئیبراهیم) داود و سلێمان و هاڕوونمان (ڕێنوینی کردبوو)، و ئاوەها بە چاکان و کارچاکان پاداشی چاکە ئەدەینەوە﴿٨٤﴾ زەکەریا و یەحیا و عیسا و ئیلیاس، هەموویان لە مێرچاکان بوون﴿٨٥﴾ ئیسماعیل و ئەلیەسەع و یوونس و لووت، هەموویانمان بەسەر خەڵکی دنیادا بەرز کردەوە و ڕێزێ زیاترمان بۆ دانان ﴿٨٦﴾ و لە باوکانی ئەوان و منداڵانی ئەوان و برایانی ئەوان، کەسانێکمان هەڵبژارد، و بۆ ڕێگای ڕاستیش ڕێنوێنمان کردن﴿٨٧﴾ ئەمە ڕێنوێنی خوایە کە بە هۆی ئەوەوە هەرکەس لە بەندەکانی خۆی کە بیەوێ ڕێنوێنی ئەکا، و ئەگەر هاوبەشیان بۆ خوا دانابا، هەموو کردەوەیان بەفیڕۆ دەچوو و پامال ئەبوو ﴿٨٨﴾ ئەوانە کەسانێک بوون کە کتێبی خۆم پێدان و لە کارزانی شارەزام کردن و ئەوانم کردە پێغەمبەرجا ئەگەر (قورەیش) حاشایان لێ بکەن، جا ئێمە ئەو کارە دەدینە تاقمێ وا گەلیان بە حاشا نەبن﴿٨٩﴾ ئەوانە (پێغەمبەران) کەسانێکن کە خوا ڕێنوێنی کردوون، جا لە ڕێنوێنی ئەوان پەیڕەوی بکە (لە سفاتی کەماڵ و جەماڵ و خووی چاک و تابشت هێناندا)، بڵێ: لە بەرانبەر ئەمەدا هیچ پاداشێکم لە ئێوە ناوێ، ئەم ڕێنوێنی کردنە تەنیا ئامۆژگاری و وەبیر هێنانەوەیە بۆ خەڵکی لە دنیا ﴿٩٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



ئەوانە بەو جۆرەی پێویستە خوایان نەناسی و ڕێزیان بۆ دانەنا، چونکە وتیان: هیچی بۆ بەرەی مرۆڤ نەناردووە بڵێ: چ کەسێ ئەو کتێبەی وا مووسا هێنای، ناردووە (کوتاوێ: کتێبی) کە نوور و ڕێنوێنی بووە بۆ خەڵکی، کەچی ئێوە ئەوەتان کردە پەڕەپەڕ و لە کاغەزی (جیاجیا)دا نووسیوە، هەندێکی (کە بە قازانجی ئێوەیە) پێشانی ئەدەن و زۆریشی (کە بە زیانی خۆتانی ئەزانن) ئەیشارنەوە، بە مەبەستگەلێک (لە قورئان) فێرکران کە نە ئێوە و نە باب و نە کاڵ و باپیرانتان بە شتی وا فێر نەببوون و ئاگاتان لێی نەبووە، بڵێ: خوایە ناردوویەتی، جا ئەوسا لێیان بگەڕێ تا بە قسە بێ واتاکانیان خەریک بن و گەمە بکەن ﴿٩١﴾ کوتاوێکە: ئەمە کتێبێکە ناردوومانە، پیرۆز، کوتاوە: کتێبە ئاسمانییەکانی وا بەر لەو نێردراون: دەیانسەلمێنی و باوەڕی پێیانە، (بۆ ئەوەی) بۆ خەڵکی مەککە و ئاوایی دەوروبەری (وشیار بکەیتەوە و) بیانترسێنی، کەسانێ کە بە ئاخیرەت بڕوایان هەیە، بە قورئانیش بڕوا دێنن، لەسەر نوێژەکانی خۆیان چاوەدێری دەکەن ﴿٩٢﴾ چ کەسێ ستەمکارترە لەو کەسەی کە بە زمانی خواوە درۆ هەڵدەبەستێ یا بڵێ: فەرمانم لە خواوە بۆ هاتووە و (کەچی) هیچ فەرمانیشی بۆ نەکراوە، کەسێ کە بڵێ: بۆ منیش وێنەی ئەوەی وا خوا ناردوویەتی بۆتان دەنێرم، خۆزگە ئەتبینی کاتێ کە (ئەم) ستەمکارانە کە لە پەلەقاژێی مەرگ و گیاندانداندان (چلۆن) گرفتار بوون و پێمێردەی گیانکێشان دەستیان بۆ درێژ کردووە (و پێیان دەڵێن:) دە خۆتان لە گیان کێشان ڕزگار بکەن، ئەمڕۆ بە دەرد و سووکایەتییەوە سزا ئەدرێن، لەبەر قسەگەلێ کە بە ناهەق لەبابەت خواوە دەتانوت و لە ڕاست ئایەت و نیشانەکانی خوادا خۆتان بە زل دائەنا ﴿٩٣﴾ بە هەقیقەت هەموو ئێوە بە تەنیا بەرەو لای ئێمە دەگەڕێندرێنەوە، هەروەکوو ڕۆژی ئەوەڵ کە ئێوەم (بێماڵ و ژن) بەدیهێنا، ئەوەی بە ئێوەم بەخشیبوو لەدوای خۆتان بەجێتان هێشت، تکاکارانێ کە بە شەریکی خواتان دەزانی لە تکا کردن بۆ خۆتان لەگەڵتان نابینین، بە هەقیقەت پێوەندی نێوانتان بڕاوە و ئەوەی کە بە پشتیوانی خۆتان دائەنا لە ئێوە دوور بوونەوە و بزر بوون ﴿٩٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



بە هەقیقەت خوا لەتکەری دەنک و ناوکەیە و دەنکی میوە دەقەڵشێنێ، زیندوو لە مردوو دەردێنێ و دەرهێنەری مردووە لە زیندوو، ئەمەیە خوا، جا چلۆن و لە کوێوە بە درۆ خۆتان (لە خوا) لائەدەن ﴿۹۵﴾ (خوا) دادڕی سپێدەی بەیانە (لە سینگی تاریکایی شەو)، شەوی کردۆتە هۆ بۆ ئۆقرە و ئارام گرتن، و ڕۆژ و هەیڤ و مانگی کردۆتە هۆی ژمارە و ئەندازە گرتن، ئەمە لە دەسەڵاتی خوای بەتوانا و فرە زانایە ﴿۹۶﴾ هەر ئەوە کە ئەستێرەکانی ئاسمانی بۆ ئێوە داناوە تا لە تاریکی بەژ (وشکانی) و زەریا بە هۆی ئەوانەوە ڕێنوێن بن و (ڕێگا بدۆزنەوە بۆ ڕزگار بوون)، بە هەقیقەت نیشانەکانی خۆمان بۆ کەسانێ کە ئەزانن (و خاوەن بیرکردنەوەن) بەیان کردووە ﴿۹۷﴾ هەر ئەوە کە ئێوەی لە تاقەکەسێک (ئادەم) خەلق کرد، جا (لە منداڵدانی دایک)، قەرار داندراوە (لە پشتی باوک) بە ئەمانەت داندراوە، ئێمە نیشانەکانی خۆمان بۆ کەسانێ کە تێدەگەن بەیان کردووە ﴿۹۸﴾ هەر ئەوەکە لە ئاسمان ئاوی نارد (باراند)، جا ئەوسا بە هۆی ئەو (بارانەوە هەموو ڕووەک و گژوگیای جۆربەجۆرمان ڕواند، لەویش لق و پەلی سەوزمان ڕواند و لەوانیش کەلوو، دەنکگەلێ سوار یەک و پێکەوە نووساومان ڕواند و بەری گیا کە چەند دەنکی دە پاڵ تێکسمڕاوی تێدابێ ڕواندمان و لە کوڵووک و دەنکی لەپاڵ یەک گوڵی دارخورما گوڵگەلێکمان لەگەڵ هێشووی پڕ و شۆڕەوە بۆمان ڕواند، باغگەلێکمان لە ترێ و زەیتوون و هەناری هاوڕەنگ و جیاوازمان (میوەدار و) بەردار کرد، کاتێ (دار و شتانە) کە میوە دەردەکەن جا ئەگەر بە میوەی ئەوە و گەیشتنیان بڕوانن، بەڕاستی لەواندا نیشانەگەلێک هەیە بۆ هۆزێک کە بڕوا دێنن ﴿۹۹﴾ بۆ خوا هاوبەشانێکیان لە جنۆکە دانا، لە حاڵێکدا خوا هەموو ئەوانەی خەلق کرد، بە درۆ کوڕان و کچانیان لە ڕووی نەزانییەوە بۆ خوا سازدا، پاک و بێخەوشە خوا، بەرزترە لەو قسە و باسانە، کە خوای پێی پەسن ئەدەن ﴿۱۰۰﴾ بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی خوایە، (بێ ئەوەی مادە و نەخشەیەک لە بەرا بووبێ)، چلۆن ئەگونجێ منداڵی هەبێ، لە حاڵێکدا هاودەم (ژن)ی نییە و هەر ئەویش هەموو شتی خەلق کردووە، بە هەموو شتێکیش فرە زانا و ئاگایە ﴿۱۰۱﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور ساڵح ئیبراهیمی



(بەڵێ) وایە، خوا پەروەرێنەری ئێوەیە، هیچ خوایەک بێجگە لەو نییە، بەدیهێنەری هەموو شتە، جا (کەوایە) ئەو بپەرستن، هەر ئەویشە پارێزەر و تەگبیرکەری هەموو بوونەوەران ﴿١٠٢﴾ چاوەکان ئەو نابینن و دەرکی ناکەن، هەر خوایشە کە هەموو دیدە و چاوێک دەرک ئەکا و هەر ئەویشە کار ناسک و بێگەرد و ئاگا بە ناخی هەموو شتێکە ﴿١٠٣﴾ بەڕاستی چاوی دڵتان لە لایەن پەروەرندەتانەوە پێتان دراوە و بۆتان هاتووە، جا هەرکەس بە چاوی دڵ شت ببینێ و بیر بکاتەوە بۆ خۆیەتی، هەرکەسیش خۆی لە چاوی دڵ نابینا بکا بە زیانی خۆیەتی و من پارێزەر و چاوەدێری (کار و کردەوەی) ئێوە نیم ﴿١٠٤﴾ ئاوا نیشانەکان لە شکڵ و بیچمی جۆربەجۆردا بەیان دەکەین تا نەڵێن تۆ دەرست خوێندووە (سازت داوە)، وە مەبەستی ئێمە ئەمەیە کە بۆ هەتا هۆزێ کە دەزانن و تێدەگەن بۆیانی بەیان بکەین و ڕوونیان بکەینەوە ﴿١٠٥﴾ هەر فەرمانێ لە پەروەرێنەرتەوە بۆت هاتووە، ببەی بەڕێوە؛ هیچ خوایەک، بێجگە لەو نییە و واز لەوانە بێنە کە هاوبەش بۆ خوا دادەنێن ﴿١٠٦﴾ ئەگەر خوا بیویستبا، نەئەبوونە موشریک، ئێمە تۆمان نەکردۆتە پارێزەری (کار و کردەوەی) ئەوان و تۆ بەرپرسی ئەوان نی ﴿١٠٧﴾ بە (بت و مەعبوودی) کەسانێ کە لە جیاتی خوا ئەوانە بانگئەکەن جوێن مەدەن، جا مەبادا ئەوانیش بە دوژمنی و بە نەزانی جوێن بە خوا بدەن، ئاوا بۆ هەر دەسەیێ کاری ئەوانمان بۆ ڕازاندۆتەوە (ئەوانمان گرفتاری نەتیجەی کردەوەی خراپی خۆیان کرد)، لە پاشان گەڕانەوەی هەموویان بۆ لای پەروەرێنەریانە، جا ئەوانە لەو کارانەی وا کردوویانە ئاگادار ئەکاتەوە (و جەزا و سزای چاکە و خراپەیان ئەداتەوە) ﴿١٠٨﴾ سوێندیان بە خوا خوارد، سوێندی زۆر سەخت کە ئەگەر نیشانە (کشگیری)یەک بۆ ئەوان بێت، بە هەقیقەت بڕوا بەوە دێنن، بلێ:، نیشانە تەنیا لای خوایە، ئێوە (بڕواداران) نازانن کە ئەوانە دوای ئەوەیش کە (نیشانە) بێت (هێشتا) بڕوا ناهێنن ﴿١٠٩﴾ ئێمە دڵ و چاویان وەردەگێڕین و لە کاری دەخەین لەبەر ئەوەی لە یەکەم جاریشدا بڕوایان بەوە (بە قورئان) نەهێنا، ئەوانە لەناو گێژاوی خۆیان وێڵ دەکەین تا بێ(پشتیوان) هەر بسوورێن و گێژ بخۆن ﴿١١٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەگەر ئێمە مەلائیکەمان بناردبا و مردووەکان لەگەڵ ئەوان قسەیان بکردبا، هەموو شتێکمان لە بەرانبەر ئەواندا کۆ بکردایەتەوە، هێمان بڕوایان نەدەهێنا مەگەر کە خوا بیەوێ، بەڵام زۆربەی ئەوانە نازانن و بێئاگان ﴿۱۱۱﴾ ئاوا لە ڕاست هەر پێغەمبەرێکدا دوژمنێکمان لە نێو شەیتانەکانی مرۆ و جنۆکە دانا کە قسەی ڕازاوەی فریودەر و بێبنەڕەت بە سرتە و نهێنی بە یەکتر دەگەیێنن، ئەگەر پەروەرێنەری تۆ بیویستبا، وایان نەدەکرد، جا لەبەر ئەوە بە خۆیان و بوختانیانەوە وازیان لێبێنە ﴿۱۱۲﴾ کەسانێ کە بە دڵ بڕوایان بە ڕۆژی بەرێ نییە، با گوێ لە قورئان ڕابگرێ تا بەڵکوو پێی ڕازی بێ و هەر کارێ کردوویانە با بیکەن ﴿۱۱۳﴾ جا ئایا بێجگە لە خوا داوەرێتر بخوازم، لە حاڵێکدا هەر ئەوە کە ئەم کوتاوە: کتێبە ئاسمانییەی بە جیاکەرەوەی ڕاست لە ناڕاست بۆ ئێوەی ناردووە، ئەوانەی وا کوتاوی: کتێبی ئاسمانیم بۆ ناردوون سوور ئەزانن کە ئەم کوتاوە کتێبە بەرهەق و لە لایەن پەروەرندەتەوە هاتووە، جا هیچ کاتێ لە دوو دڵان مەبە ﴿۱۱۴﴾ قسە و کەلامی پەروەرندەت بێ لایەنگرانە و ڕاستی و دادگەرانە بە ئەنجام گەیی، هیچکەسیش ناتوانێ واژەگەلی ئەو بگۆڕێ، ئەو زۆر بیسەر و فرە زانا و ئاگایە ﴿۱۱۵﴾ ئەگەر لە زۆربەی ئەوانەی کە لە سەر زەویدان پەیڕەوی بکەی، تۆ لە ڕێگای خوا لائەدەن، چونکا ئەوانە تەنیا لە گومانپووچی پەیڕەوی دەکەن ﴿۱۱۶﴾ بەڕاستی پەروەرێنەرت ئاگادارترە بە کەسانێ کە لە ڕێگای ئەو لائەدەن، هەروەها زانا و ئاگاترە بەوانەی وا ڕێگای دۆزیوەتەوە و ڕێنوێن بوون ﴿۱۱۷﴾ جا بخۆن لە گۆشتی ئەو ئاژەڵەی وا لە کاتی سەربڕیندا ناوی خوای لەسەر براوە، ئەگەر بە نیشانەکانی خوا بڕوادارن ﴿۱۱۸﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



بۆچ ناخۆن لەو گۆشتەی وا ناوی خوای لەسەر براوە؟ لە حاڵێکدا بە هەقیقەت خوا بە تەواوی باسی ئەوانەی بۆ کردوون کە خواردیان نارەوایە، مەگەر ناچار بن بیخۆن، بەڕاستی زۆرێ لە خەڵک بە ئارەزوو، بێ ئەوەی ئاگا بن، بە نەزانی خەڵکی‌تر لە ڕێ لادەدەن، بەڕاستی پەروەرێنەرت دەسدرێژکەران باشتر دەناسێ ﴿١١٩﴾ لە تاوان و گوناحانی بە ئاشکرا و بە نهێنی واز بێنن، بەدروستی کەسانێ گوناح دەکەن بە زوویی بەوەی دەیانکرد سزا ئەدرێن ﴿١٢٠﴾ لەوگۆشتەی وا ناوی خوای لەسەر نەبراوە مەخۆن، چونکە ئەوە گوناحە (و دەرچوونە لە فەرمانی خوا)، بەڕاستی شەیتانەکان بە دۆستانی خۆیان بە دزییەوە مەبەستی خۆیان ڕائەگەینن تا لەگەڵ ئێوە بکەونە شەڕەقسە و محانجێن، ئەگەر ئێوە لەوان پەیڕەوی بکەن، بەڕاستی ئێوەش لەوانە دەبن کە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە ﴿١٢١﴾ ئایا کەسێ کە مردبێ (لاڕێ بێ) و لە پاشان ئەومان زیندوو کردبێتەوە و ڕووناکییەکمان خستبێتە پێشی کە بە هۆی ئەوەوە لە نێو خەڵکدا هاتوچۆ بکا وەکوو کەسێکە لە نێو تاریکیدایە و ناتوانێ لێی‌دەرچێ، ئاوا بۆ خوانەناسان کار و کردەوەیێ (ناحەز) کە ئەنجامیان داوە، جوان و ڕازاوە کراوە و نوێندراوە ﴿١٢٢﴾ ئاوا لە هەر شار و گوندێکدا گەورەکانی تاوانکارانمان داناوە تا لەوێدا (خەڵک) فریو بدەن، (بەڵام) بێجگە لە خۆیان کەسێ‌تر فریو نادەن (ئەگەرچی) هەستی پێ ناکەن ﴿١٢٣﴾ هەرکاتێ کە نیشانەییکیان بۆ بێ، دەڵێن: ئێمە هەرگیز بڕوا ناهێنین، مەگەر وێنەی شتێ کە بە پێغەمبەرانی خوا دراوە بە ئێمەش بدرێ، خوا خۆی باشتر دەزانێ چ کەسێ بۆ پێغەمبەری هەڵبژێرێ، لە پاشان کەسانێ کە تاوانیان کرد لە پێشگای خوا تووشی سووکی و بێ‌ئابڕوویی و عەزابی سەخت ئەبن، لە بەر ئەو دەغەڵی و فێڵ و بە فریو بردنەی وا کردبوویان ﴿١٢٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

جا هەرکەسێ کە خوا بیەوێ ڕێنوێنی بکا، سینگی بۆ وەرگرتنی ئیسلام گوشاد دەکاتەوە و هەرکەسیش کە بیەوێ گومرای بکا، سینگی زۆر تەنگ و نەفەستەنگی دەکا وەکوو ئەوەی بەرەو ژوور بڕوا و بە ئاسماندا هەڵگەڕێ، بەمجۆرە خوا کەسانێ کە بڕوا و ئیمان ناهێنن پیس و چەپەڵ و ڕیسوا دەکا ﴿١٢٥﴾ ئەمە ڕێگای ڕاستی پەروەرێنەری تۆیە، بە هەقیقەت ئێمە نیشانەی خۆمان بۆ کەسانێ کە ئامۆژگاری و پەند وەردەگرن بە وردی بەیان کردووە ﴿١٢٦﴾ بۆ ئەوانە خانووی ئەمن و هێمنایەتی و حەوانەوەیان لای خوای خۆیان هەیە، هەرخوا پشتیوان و یار و یاوەریانە، لەبەر کاری (چاکێ) کە ئەنجامیان داوە ﴿١٢٧﴾ لەو ڕۆژەدا کە هەموویان کۆ دەکاتەوە، پێیان دەڵێ: ئەی تاقمی جنۆکە! ئێوە کەسانێ زۆرتان لە ئینسان و مرۆ کردە داروودەسەی خۆتان و گومڕاتان کردن، دۆستان و پەیڕەوانی ئەوان لە ئینسانەکان ئەڵێن: ئەی پەروەرێنەرمان! هەر یەک لە ئێمە لە یەکتری کەڵکمان وەرگرت و بەو مۆڵەتەی کە بۆمانت دیاری کردبوو گەیشتین، (خوا) دەڵێ: ئاگر، جێتانە، بۆ هەمیشە لەویدا ئەمێننەوە، مەگەر خوا بیەوێ، بەڕاستی پەروەرێنەرت لەکارزان و پڕ زانا و ئاگایە ﴿١٢٨﴾ ئا بەمجۆرە هەندێ لە ستەمکاران ئەکەینە خاوەن دەسەڵات بەسەر هەندێ تردا، لەو سۆنگە و بە هۆ و لەبەر کارگەلێ (ناشیاو) کە ئەنجامیان ئەدا ﴿١٢٩﴾ (لەو ڕۆژەدا بەوان دەوترێ:) ئەی تاقمی جنۆکە و مرۆڤ! ئایا مەگەر پێغەمبەرانێ لە ئێوە نەهاتنە لاتان کە نیشانی منتان بۆ بڵێن و ئێوە لە (بەڵای) ئەم ڕۆژە بترسێنن؟ ئەوان دەڵێن: شایەدی ئەدەین بە دژی خۆمان (بووین و خراپمان کرد) و ژیانی دنیا ئەوانی فریودا، بە زیانی خۆیان شایەدییان دا کە بەڕاستی خوایان نەناسیوە ﴿١٣٠﴾ ئەم (ناردنی پێغەمبەرانە) لەبەر ئەوەیە تا بزانن پەروەرێنەرت بە زوڵم و ناحەقی خەڵکی هیچ شار و گوندێکی قڕ نەکردووە و خەڵکەکەی (لەبەر نەهاتنی پێغەمبەران) غافڵ و بێ ئاگا بووبن ﴿١٣١﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



بۆ هەر یەکە (لەو دوو تاقمە) لە کار و کردەوەیەک کە کردوویانە پایە و پلەیەک هەیە، پەروەرێنەرت کارێ کە ئەیکەن لێی غافڵ و بێئاگا نییە ﴿١٣٢﴾ پەروەرێنەرت بێنیاز و خاوەن بەخششە، ئەگەر بیەوێ هەموو ئێوە لائەبا و هەرکەس کە بیەوێ دوای ئێوە ئەیکاتە جێنشین، هەروەکوو ئێوەی لە تۆرەمە و بنەچەکە و زارۆڵەی هۆزێتر بەدی هێنا ﴿١٣٣﴾ بەڕاستی هەرچی بەڵێنتان (پێدراوە و) پێئەدرێ دێتە دی، ئێوە ناتوانن (خوا) بێ هێز و ناتەوان بکەن (و لە دادگەری خۆ ڕزگار بکەن) ﴿١٣٤﴾ بڵێ: ئەی هۆزی من! هەر کاریکتان لە دەس دێ بیکەن، بەڕاستی کاری خۆم دەکەم، جا لە پاشان ئەزانن چ کەسێ خانووی ئەولای بە سەرکەوت و ڕزگاری گیر دێ، بە هەقیقەت ستەمکاران ڕزگار نابن ﴿١٣٥﴾ بەشێکیان لەوەی وا خوا بەدیهێناوە؛ لە بەروبووی کشتوکاڵ و ئاژەڵ (مەڕ و بزن و گا و وشتر) بۆ خوایان داناوە، بە خەیاڵ و گومانی خۆیان وتیان: ئەمە بەشی خوایە و ئەمەش هی هاوبەشە (بتە)کانمانە، ئەوەی بەشی هاوبەشەکانیان بوو بە خوا نەدەگەیی، بەڵام ئەوەی هی خوا بوو بە هاوبەشەکانیان دەگەیی، چ ناحەز و خراپ داوەرییان ئەکرد ﴿١٣٦﴾ ئا بەمجۆرە شەریکدانەران بۆ خوا کارێ وایان کرد تا زۆربەی هاوبیرەکانیان کوشتنی منالانی خۆیان لا جوان و ڕەوا بێ (کە بۆ بتەکان بیانکەنە قوربانی) تا سەرئەنجام ئەوان لەناو ببەن و دینەکەشیان بگۆڕن (باوەڕی خۆیان بەسەریانا داسەپاندووە)، ئەگەر خوا بیویستبا وایان نەدەکرد، جا لەبەر ئەمە بە خۆیان و درۆیانەوە وازیان لێبێنە (گوێ مەدە کار و ئاکاریان) ﴿١٣٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

(بە خەیاڵ و گومانی خۆیان) وتیان: ئەمانە ئاژەڵ و کشتوکاڵێکن کە کەڵک لێ وەرگرتیان بڤەیە و قەدەغە کراون (نابێ کەسێتر دەسیان لێبدا، چونکە بەشی بتەکانە)، کەس مافی خواردنی ئەوانەی بۆ نییە، مەگەر کەسێ کە ئێمە بمانەوێ، (ئەیانوت: ئەمانە) ئاژەڵێکن نابێ کەس سواری پشتیان بێ و ئاژەڵێکن (کە لە کاتی کوشتنەوە) ناوی خوایان لەسەر نابەن، بە دەم خواوە درۆیان دەکرد، بە زوویی خوا سزای درۆ هەڵبەستنی ئەوان ئەداتەوە ﴿١٣٨﴾ وتیان: ئەوە (بێچوولە) وا لە پزدان و زگی ئەم ئاژەڵانەدایە، تەنیا تایبەتی پیاوانی ئێمەیە و بۆ ژنانی ئێمە نابێ، بەڵام ئەگەر مردارەوەبوویش بێ هەموو لەوا بەشدارن، بە زوویی (خوا) سزای ئەم قسە بێ ئاوەزانەی ئەوان ئەداتەوە، بەڕاستی خوا لەکارزان و پڕ زانا و ئاگایە ﴿١٣٩﴾ بە هەقیقەت زیانیان دی ئەوانەی وا لەبەر گێلی و گەوجی و نەزانی منالانی خۆیان کوشت و ئەو ڕسق و ڕۆزییەی خوا بەوانی دابوو حەرامیان کرد، بە دەم خواوە درۆیان هەڵبەست، بە هەقیقەت ئەوانە لاڕێ بوون و (هیچ کاتێ) ڕێنوێنی نەبوون ﴿١٤٠﴾ هەر ئەوە کەسێ کە باغ و بێستانی لە دار و گیای ساق بەرز (خورما و هەنار کە داربەستی ناوێ) و ساق کورت (شووتی؛ کاڵەک؛ کالیار؛ ترۆزی؛ فاتەبۆر؛ خرچە؛ تەماتە؛ بۆتەیتری؛ هاروێ ئەکرێ بۆ کەڵکێ فرەتر داربەستی بۆ ساز بدەی)، وە دارە خورما و کێڵگە بە بەروبووی تامگەلی جۆربەجۆر و زەیتوون و هەناری بەدیهێنا کە لەبابەتێکەوە لە یەکتر دەچن و لە بارێکیشەوە لە ڕەنگ و تام و مەزەدا لە یەکتر ناچن، لەکاتی میوەداندا لە میوەی ئەوە بخۆن و لە کاتی میوە چنیندا بەشی خوایش جیا کەنەوە بۆ هەژاران، و زیادەڕەوی مەکەن، بەڕاستی خوا لە ئەندازە دەرچووانی (ئیسرافکارانی) خۆشناوێ ﴿١٤١﴾ (خوا زاتێکە) لە ئاژەڵ و وڵسات هەندێکیان بۆ بارلێنان و بڕێکیشیان بۆ خوری و موومەرەز و کوڵکە بەدیهێناوە، لەوەی خوا کردوویەتە ڕسق و ڕۆزی بۆ ئێوە بخۆن، لە ڕێ و ڕێبازی شەیتان پەیڕەوی مەکەن، بەڕاستی شەیتان دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ ئێوە ﴿١٤٢﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



لە ئاژەڵ هەشت سەر نێر و مێی بەمجۆرە خولقاند: لە مەڕ دووان (مەڕ و بەران) لە بزن دووان (نێری و بزن)، بڵێ: ئایا خوا نێرینەکانی ناڕەوا و حەرام کردووە یا مێیەکانیان یا ئەوەی وا لە پز و منداڵدانی مێینەکاندان؟ بە زانست ئاگادارم بکەن، ئەگەر ئێوە ڕاستبێژن ﴿١٤٣﴾ لە وشتر دووان (لۆک و سایە)، لۆک نێرە و سایە وشتری مێیە) لە گایش دووان (چێڵ و گا) (مان بۆ ئێوە خولقاند)، بڵێ: ئایا خوا نێرینەکانی حەرام کردووە یا مێیەکانیان یا ئەوەی وا لە پز و منداڵدانی مێینەکاندان؟ یا ئێوە حازر و شایەدی (ئەم حەرام کردنە) بوون، کاتێ کە خوا ئەم مەبەستەی ڕاسپارد؟ جا چ کەسێ ستەمکارترە لەوە کە بە دەمی خواوە درۆ هەڵدەبەستێ بۆ ئەوەی خەڵک بە بێزانستی لە ڕێگا لادەن، بەڕاستی خوا هۆزی ستەمکار ڕێنوێنی ناکا ﴿١٤٤﴾ بڵێ: لە نێو ئەوانەیدا وا پێم ڕاگەیێندراون شتێکی وا پەیدا ناکەم کە خواردنی لە کەسێک حەرام کرابێ مەگەر مردار بووبێتەوە یا خوێنی ڕژێندراو یا گۆشتی بەراز، پیسە یا بە گوناح لە کاتی سەربرینی ئاژەڵێک، نێوی غەیری خوای لەسەر برابێ (بە ناوی بت سەر برابێ)، جا ئەگەر کەسێ ناچار بێ (ئەوانە لە برسا بخوا) بێ ئەوەی بۆ ملبادان یا دژایەتی بێ (گوناحی بۆ نییە)، جا بەڕاستی پەروەرێنەرت لێبور و دڵاوێنە ﴿١٤٥﴾ لەسەر یەهوودیان(ی زەمانی مووسا و خەڵکێ کە لە دینی مووسا لایان دابوو) هەر ئاژەڵێکی نینۆکدار (سمدار)مان حەرام کرد، لە گا و پەز، پیوو چەورییەکیمان لەسەر ئەوان حەرام کرد، مەگەر ئەو (پیو و چەورییانە) کە لەسەر پشتی ئەو دووانە بێ، یا ئەو پیوەی کە بە ڕیخۆڵەکانیانەوەیە یا ئەوەی وا بە ئێسکەوە نووساون (چەوری قەبرغە و دووگ)، ئەم (حەرام کردنە) لە ڕاست ستەم و ملبادانیاندا بوو کە بەمجۆرە سزامان دان، بەڕاستی ئێمە ڕاستبێژین ﴿١٤٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



جا ئەگەر تۆیان بە درۆ خستەوە، بڵێ: پەروەرێنەرتان خێو و خاوەنی دڵۆوانییەکی بەربڵاوە و تاوانبارانیش لە سزای لانادرێن (بەڵام ڕێگای گەڕانەوەش بۆ ئێوە ئاوەڵەیە) ﴿۱۴۷﴾ ئەو کەسانەی شەریکیان بۆ خوا دانابوو، بە زوویی ئەڵێن: ئەگەر خوا بیویستبا نە ئێمە و باووباپیرانمان، هاوبەشمان بۆ خوا دانەدەنا و هیچ شتێکمان لە خۆمان حەرام نەدەکرد، هەروا ئەوان بەر لەمانیش بوون پێغەمبەرانیان بە درۆ ئەخستەوە تا سەرئەنجام تامی جەزرەبەی ئێمەیان چەشت، بڵێ: ئایا (بەڵگەیەکی) زانستانەتان لا هەیە تا دەری‌بخەن و بە ئێمەی بنوێنن؟ ئێوە تەنیا لە گومانی بێبنەڕەت نەبێ پەیڕەوی ناکەن، ئێوە بێجگە لە درۆ شتی ترتان بە زاردا نایێ ﴿۱۴۸﴾ بڵێ: بەڵگەی بە قووەت هەر بۆ خوایە، جا ئەگەر ئەو (خوا) بیەوێ هەموو ئێوەی ڕێنوێنی دەکرد (بەڵام زۆرێ لە کاردا نییە) ﴿۱۴۹﴾ بڵێ: شایەدەکانتان کە شایەدی ئەدەن بیانهێنن، خوا ئەمەی حەرام کردووە، جا ئەگەر (بە درۆ) شایەدییان دا، تۆ لەگەڵ ئەواندا شایەدی مەدە، لە ئارەزووی کەسانێ کە نیشانەکانی ئێمە بە درۆ ئەخەنەوە پەیڕەوی مەکە، هەروا لە کەسانێ کە بە دوارۆژ بڕوا ناهێنن، هەر ئەوانەشن کە بۆ پەروەرێنەریان هاوبەش و هاوتا دائەنێن ﴿۱۵۰﴾ بڵێ: وەرن تا ئەوەی کە پەروەرێنەرتان لەسەر ئێوەی نارەوا و حەرام کردووە بیخوێنمەوە: شتێک نەکەنە هاوبەشی ئەو (خوا)، لەگەڵ باوک و دایکتان چاکە بکەن و منداڵەکانتان لە ترسی برسیەتی مەکوژن، ئێمە ڕسق و ڕۆزی ئێوە و ئەوان ئەدەین و لە کاری ناحەز و ناشیاو نێزیک مەبنەوە، چ بە ئاشکرا و چ بە دزی و نهێنییەوە، کەسیش مەکوژن، مەگەر بە هەق (لە تۆڵەی ئەوەی کەسێکی کوشتبێ)، ئەمە شتێکە خوا بە ئێوەی ڕاسپاردووە تا بەڵکوو ئەقڵ و ئاوەزتان بخەنە کار (و تووشی هەڵە و گوناح نەبن) ﴿۱۵۱﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



لە ماڵی هەتیو نێزیک مەبنەوە، مەگەر بە جۆرێک کە چاکتر (بپارێزرێ) تا پێدەگا و بە تەواوی خۆ دەناسێ، پێوان و کێشان دارماڵ و بەرامبەر بێ کەم و کورِ و دادگەرانە بێ، لە توانا بەدەر هیچ ئەرکێ ناخەینە سەر کەس، کاتی (بۆ ناوبژی یا شایەدیدان) قسە دەکەن دادگەر بن، تەنانەت ئەگەر لەبابەت نێزیکانی خۆتانەوە بێ، بە پەیمانی خوا وەفادار بن و بە تەواوی بەجێی بێنن، ئا بەمجۆرە خوا بە ئێوەی ڕاسپاردووە تا بەڵکوو پەند بگرن ﴿١٥٢﴾ بە هەقیقەت ئەمە ڕێگای منە کە ڕاست و دروستە، جا بەوەدا بڕۆن و بە ڕێبازێ ترا مەڕۆن نەوەکوو ئێوە لە ڕێگای خوا جیا بکاتەوە (و لاڕێ بن)، ئا بەمجۆرە خوا بە ئێوەی ڕاسپاردووە تا بەڵکوو بەتەقوا و خۆپارێز بن ﴿١٥٣﴾ لە پاشان بە مووسا کتێبمان دا بۆ تەواو کردنی چاکەمان؛ بێکەموکورِی بێ بۆ کەسێ کە چاکەی کرد، ئێمە هەموو شتێکمان ڕوونکردەوە، کوتاوێ: (کتێبێ) کە هۆی ڕێنوێنی و ڕەحمەت: و بەزەیی خوا بێ؛ تا بەڵکوو بە دیداری پەروەرێنەیان بروا بێنن ﴿١٥٤﴾ وە ئەم (قورئان) کتێبە پیرۆز و پڕ پیتەشمان ناردووە، جا هەمووتان پەیرەوی لێبکەن و ترستان لە خوا هەبێ تا بەڵکوو بەزەیی پێتاندا بێ و بەر ڕەحمەتی خوا بکەون ﴿١٥٥﴾ (نەچن بڵێن ئەم کتێبەمان بۆیێ هەنارد) کوتاوەمان: کتێبی ئاسمانی تەنیا بۆ دوو هۆزی بەر لە ئێمە هاتووە و ئێمە لە خوێندن و پێیاچوونەوەی کتێبی ئەوان غافڵ و بێئاگا بووین ﴿١٥٦﴾ یا نە وەکوو بڵێن: بەڕاستی ئەگەر کتێبی ئاسمانی بۆ ئێمە هاتبا لەوان پتر ڕێنوێنیتر ئەبووین، جا لەبەر ئەوە لە لایەن پەروەرێنەرتانەوە بەڵگەی بەرهەق و هۆی ڕێنوێنی و ڕەحمەت و ڕوونتان بۆ هاتووە، جا چ کەسێ ناحەقتر و ستەمکارترە لەوانەی وا نیشانەکانی خوایان بە درۆ خستەوە و خۆی لێبواردووە یا ڕووی لێ وەرگێڕا؟ ئەو کەسانەی کە لە نیشانەکانی ئێمە خۆ دەبوێرن و ڕوو وەردەگێرن زۆری پێ ناچێ سەخت عەزابیان ئەدەین ﴿١٥٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئاخۆ ئەوان چاوەڕوانی چ شتێک دەکەن کە فریشتە و مەلائیکەی (گیانکێشان) بێتە لایان یا پەروەرێنەرت خۆی بێتە لایان یا هەندێ لە نیشانەکانی پەروەرێنەرت بۆیان بێت؟ ڕۆژێ کە هێندێ لە نیشانە و ئایاتی پەروەرێنەرت بێ ئیتر بڕواهێنان بۆ هیچ کەس کە لەبەرا بڕوایان نەهێناوە یا بە ئیمانی خۆیان کاری چاکیان نەکردووە، سوودێکیان پێناگا، بڵێ: چاوەڕێ بن کە ئێمەش چاوەڕێین ﴿١٥٨﴾ بەڕاستی کەسانێ کە دینی خۆیان پەڕژوبڵاو کردۆتەوە و بوونەتە تاقمی جیاجیا، لە هیچ شتێکدا پێوەندیت بەوانەوە نییە، دیارە تەنیا کاروباری ئەوان بە خوایە، ئەوسا خوا لەوەی وا ئەیانکرد ئاگاداریان ئەکاتەوە ﴿١٥٩﴾ (لە دنیا) هەرکەس چاکە بکا و چاکە بێنێ، دە بەرابەر (پاداش)ی بۆ هەیە و هەرکەسیش خراپە بکا و خراپە بێنێ، جا سزا نادرێ مەگەر بە وێنەی ئەوە، ستەمیان لێناکرێ ﴿١٦٠﴾ بڵێ: پەروەرێنەرم منی بۆ ڕێی ڕاست ڕێنوێنی کردووە، (بە) دینێکی پایەدار، (بە) دینی پاکی ئیبراهیم، کە هیچ شەریکێکی بۆ خوا دانەناوە ﴿١٦١﴾ بڵێ: بەڕاستی نوێژم و عیبادەتم و ژیانم و مەرگم بۆ خوایە کە بارهێنەر و پەروەرێنەری جیهانیانە ﴿١٦٢﴾ هاوبەشێ بۆ ئەو نییە، بەوە ئەمرم پێکراوە، بە هەقیقەت من یەکەم کەسێکم خۆم بەدەسەوە داوە و بڕوام هێناوە ﴿١٦٣﴾ بڵێ: ئایا بێجگە لە خوا پەروەرێنەری ترم بۆێ (کەچی) هەر ئەویش پەروەرێنەری هەموو شتێکە، هیچ مرۆێک (کردەوەی ناحەز) ناکا مەگەر بۆ خۆی نەبێ، هیچ کەس تاوان و گوناحی کەسێ‌تری بە ئەستۆ نابێ، لە دوا(ڕۆژا) گەڕانەوەی هەمووتان بەرەو لای پەروەرێنەرتانە، جا لەوەی کە تێیدا جیاوازیتان دەکرد و پێکنەدەهاتن ئاگادارتان دەکاتەوە ﴿١٦٤﴾ هەر ئەوە کە ئێوەی کردۆتە جێنشینان (و نوێنەرانی خۆی) لە زەویدا و هێندێ لە ئێوەی بە پایە و پلە بەسەر هێندێ‌تردا بەرز کردۆتەوە تا بەوەی بە ئێوەی داوە تاقیتان بکاتەوە، بەڕاستی پەروەرێنەرت زوو بە عەزابی (تاقیکراوەکان) ڕادەگا، بەڕاستی هەر ئەو لێبور و فرە دڵاوێنە ﴿١٦٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi